وەزیری ناوخۆ: ڕێگا نادەین بە پەکەکە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا و پاساو بۆ پێشێلکردنی سەروەریی عێراق



وەزیری ناوخۆی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، عێراق و تورکیا کێکن لەسەر کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوانیان و ڕێگا بە پەکەکە نادەن ببێتە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و هاوکات ببێتە پاساویش بۆ ئەوەی وڵاتانی دراوسێ پێشێلی سەروەری عێراق بکەن.

ئەمڕۆ (شەممە ٢ 16 ئاداری 2024) عەبدولئەمیر شەممەری، وەزیری ناوخۆی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی "الحدث"ـی عەرەبی ڕایگەیاند، بەپێی دەستوور نابێت خاکی عێراق ببێتە گەڕەپانی هیچ لایەنێك بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر وڵاتانی دراوسێ. لەم چوارچێوەیەیشدا ڕێگە بە پەکەکە نادرێت ببێتە پاساو بۆ هێرشکردنە سەر خاکی عێراق و پێشێلکردنی سەروەرییەکەی.

وەزیری ناوخۆی عێراق لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، پەکەکە لە عێراق بووەتە هەڕەشە بۆ سەر دراوسێکان، بۆ ئەو مەبەستەش عێراق و تورکیا لە دوایین دانیشتن و کۆبوونەوەیاندا تاوتوێی ئەو بابەتەیان کردووە و ڕژدن لەسەر

کۆنتڕۆڵکردنی سنووری نەوانیان.

عەبدولئەمیر شەممەری باسی لەوەش کرد، ڕێگە بە پەکەکە نادەن ببنە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، بۆ ئەو مەبەستەش سوپای عێراق توانای هەیە کۆنتڕۆڵی ئەو بارودۆخە بکات و ڕێگە نەدات خاکی وڵاتەکەی ببێتە گەڕەپانی هیچ لایەنێکی دەرەکی و پاساو بۆ پێشێلکردنی سەروەریيەکەی.